**سەنتەری گەشەپێدانی کار**

سەنتەری گەشەپێدانی کار دەستپێشخەرییەکی زانکۆی (سۆران)ە، کە مەبەستی بەیەك گەیاندنی قوتابییان, دەرچووان, فاکەڵتییەکان و کەرتە تایبەتی و گشتییەکانە لە هاوبەشیی کردنیان، بۆ بەرەو پێشبردنی سەقامگیری ناوچەکە و پەرەپێدانی بناغەی ئابووری لە ڕێگای تایبەتمەندییە ئەکادیمییەکانەوە.
سەنتەری (سی دی سی) بەتەواوی پابەندە بە کارئاسانی کردن و بەکارخستنی بەهرە شاراوەکانی قوتابییان و پێدانی سەرکەوتنێکی ئەکادیمی و هەمیشەیی.

## مەبەستی سی دی سی :

سەنتەری گەشەپێدانی کاری زانکۆی سۆران، بە تەواوی پابەندە بۆ هاریکاری کردنی قوتابیان و بەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکی پرۆفێشناڵ لە نێوان ئەزموونە ئەکادیمییەکان و ئامانجەکانی کارکردن. سەنتەری گەشەپێدانی کاری زانکۆی سۆران، سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بە کار و پرۆگرام و زانیاری بەرفراوانی ئەو لایەنە تەرخان دەکات، بۆ زیادکردنی بەهرە تەکنیکی و کەسییەکانی قوتابیەکان. ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە بتوانن بەهرەکانی خۆیان لە بواری کارکردن لە کەرتە تایبەتییەکان بەرەوپێش بەرن و پێویستییەکانی ئەو لایەنە پڕ بکەنەوە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو پیشانەی کەوا بە درێژایی ژیان سوودی لێ دەبینن و هەروەها دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کەرتە تایبەتییەکان و بەهێز کردنی لایەنی ئابووری هەرێم و بەرزبوونەوەی بەرهەمەکانی کرێکاران لە ڕێگەی بونیادێکی ئەکادیمییەوە. سەنتەری گەشەپێدانی کاری زانکۆی سۆران، پشتگیری قوتابییان و دەرچووان دەکات بۆ ئەوەی سود وەرگرن لە هەماهەنگییەکی درێژماوە لە نێوان زانکۆکان و کەرتە تایبەتییەکان.

## ئامانجی سی دی سی :

سەنتەری گەشەپێدانی کاری زانکۆی سۆران، تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان دەسکەوتی ئەکادیمی دەرچووان و داهاتوویەکی سەرکەوتوو لە بواری کارکردن، بە ئەزمونێکی شیاو لە دوای دەرچوون، لەسەر بنەمای ستانداردێکی بەرز لە بەهرەی پرۆفێشناڵ و دەستکەوتی ئەکادیمی بۆ هەڵبژاردنی ئەو کارانەی .کەوا ڕەنگدانەوەی حەز و توانا و بەهرە پرۆفێشناڵەکانیانە

**خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان:**
**بەهرە کەسییەکان:**

- بڕیاردان
- کارکردنی بە کۆمەڵ
- چارەسەرکردنی کێشەکان
- بەهرەکانی وتاردان
- بەهرەکانی دەرپڕین
- ئەتەکێتی بازرگانی

**سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بە کارەوە:**

- نوسینی سی ڤی
- بەهرەکانی چاوپێکەوتن
- نامەی پوختەی زانیاری
- ستراتیژییەکانی گەڕان بەدوای کاردا
- پێشانگای کار

**کۆرسەکان:**

- کۆمپیوتەر
- زمانی ئینگلیزی
- ڤیدیۆی پەروەردەی فێرکاری

**ڕاهێنانی تواناکان چیە(Internship)؟**

هەلێکی فێربون و ئەزموندارییە، کەوا زانیاری کەسەکە و ئەو تیۆریانەی ، کە لە پۆلدا فێریان بووە بە شێوەیەکی لێهاتووانە لە گەڵ بەهرە کردارییەکاندا، ڕێکیان دەخات. ئەم پرۆسەیە ئەزموونی کەسەکان بەشێوەیەك بەرەو پێش دەبات ، کە لە پۆلدا ئەستەمە.